# بەرەو ڕووناکی

جگە لە سەروتار سەرجەم بابەتەکانی تر خاوەنەکانی لێی بەرپرسن.

سەرنووسەر

سالم محمەد



بەردەوامین، ناوەستین

ژمارە ٢ | ٢٠٢٠/٥/٢١ | ڕۆژی پێنج شەممە

## ڕێکخەرە گشتیەکەی ئێمە و سەرۆک و سکرتێرەکانی ئەوان



ڕێبەر بەختیار  پیاوێک لە ڕەگەزی خۆر لا ٣



ئارام قادر حمە لە یادچووی لا٤



سەروتار

## ڕێکخەری گشتیەکەی ئێمە و سەرۆک و سکرتێرەکانی ئەوان

**سالم محمەد**

ئاسان نیە لە هەرێمی کوردستان بەرپرسێک بدۆزیتەوە کە لە ژیانێکی سادە و لە ماڵێکی ئاسایی بدۆزیتەوە، کە دەڵێم بەرپرس مەبەستم تەنها کاربەدەست و بڕیار بەدەستی حیزبەکان نیە مەبەستم کادیرە وەسەتەکانی حیزبەکانە بە تایبەت هەردوو پارتی دەسەلاتدار کە لەسەر حسابی خەڵکی بەش مەینەتی کوردستان ژیانی جیاواز و پڕ خۆشی دەبنە سەر ژیانی جیاواز و فیرعەون ئاسایی بەرپرسەکان شاراوە بوو تا دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان کە دواتر بزووتنەوەکە لە ڕاگەیاندنەوە ڕووی راستەقینەی هەمووانی هەڵمالی.

لەم نێوەندەدا بەرپرسێک هەیە جیاواز لەوانی تر لە ژیانێکی سادەدا و جیاواز لە بەرپرسە پلە یەکەکانی تری حیزبەکان بە بێ دەنگی سیاسەت دەکات و وێڵی دوای سەروەت و سامانی دزراوی هاولاتی نیە ئەویش ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان عومەری سەید عەلیە تۆی هاولاتی تاوەکو ئێستا ژیانی ئەوت بەراورد کردوە بە ژیانی سەرۆک و سکرتێری حیزبەکانی تر؟ ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لە خانووی کرێدایە و سەرۆک و سکرتێری حیزبەکانی تر جگە لە خانووی شایستە کە نەخشەکەی لەولاتانی تری جیهانەوە دێنن و بە پارەی میللەت دروستی دەکەن و کەسیش بۆی نیە نزیکی ماڵەکەیان ببێتەوە.

عومەری سەید عەلی دەستپاک و داوێن پاک بە شاهیدی سکرتێری پێشووی یەکێتی کۆچکردوو مام جەلال،بەرپرسانی حیزبەکانی تر سامان و قوتی هەموو میلەتیان بردوە دواتر لە ژێر ناوی دەزگای خێرخوازیدا بەشی ژەمێکیان ئەدەنەوە.

ڕێکخەری گشتی گۆڕان لە گردی زەرگەتە دەرگای والایە بەرووی هەموو هاولاتیەکەدا، ئەوان دەرگاکانیان نەک هەرداخستوە بەرووی هاولاتی بەڵکو هێزی ئەمنی زۆریشیان لە دەوروبەری خۆیان داناوە کە هێمای ترسە لای هاولاتی.

لەشکرێک لە بندیوار و کەسی بەرژەوەندیخواز کە هیچ پەیوەندیەکی بە بزووتنەوەکەشەوە نیە قسەی پی ئەڵێ و هێرش ئەکاتە سەری بەڵام ئەو بەنەرمی و بەردەوامی سیاسەت دەکات و گوێناگرێت بۆ دەنگە نەشازەکان، لەبەرامبەردا سەرۆک و سکرتێرەکانی حیزبەکانی تر بە تەنها وتنی تەنزێک لەسەریان ئاسایە ژیانت بکەویتە مەترسیەوە، لەکاتێکدا قوت و بژێویشیان بردووی.

عومەری سەید عەلی خۆی و شۆفێرەکەی وەک هەر هاولاتیەکی ئاسایی دێن و دەڕۆن لە شەقامەکاندا، بەڵام سەرۆکی حیزبەکانی تر هەموو هاتوچۆی هاولاتیانیان بۆ ڕا ئەوەستێت کە بەشەقامەکاندا دەسوڕێنەوە.

ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان هەرخۆی سیاسەت دەکات کەسوکار و خزمی ئامادەنەکردوە بۆ جێگاگرتنەوەی، بەڵام سکرتێر و سەرۆکی حیزبەکانی تر چەندین کوڕ و کچ و نەوەیان لەدەرەوەی وڵات ئامادەکردوە و ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی حوکمی بنەماڵەی لە هەرێمی کوردستان پێ بکەن.



### ناساندنی کتێب

نەوشیروان مستەفا: لەدیدگای کەسایەتیەکانەوە

کۆکردنەوەو ئامادەکردن: گەیلان عەباس/ ئەندامی ژوری توێژینەوەکان لە سێیەم ساڵیادی کۆچی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا، سایتی (سبەی) نوێترین کتێبی چاپکراوی بەناونیشانی (نەوشیروان مستەفا: لەدیدگای کەسایەتیەکانەوە) بڵاوکردەوە.

## نەوشیروان مستەفا، سەنگینترین سەرکردەی سیاسیی بوو



رێبەر بەختیار

نەوشیروان مستەفا، سەنگینترین سەرکردەی سیاسیی بوو، لە باشوری کوردستان و ناوچەکە،نەوشیروان مستەفا، قەڵەم بە دەستێکی ئێجگار بەبڕشت و بە ئەزموون بوو، لە بابەتەکانی (مێژوو، ئەدەب، سیاسەت، ڕۆژنامەگەریی، ڕەخنە).

وەک ئاشکرایە نەوشیروان مستەفا، لە کاتی مردن و سپاردنی ڕۆحی بەرزەفڕی، خاڵکانێکی زۆر لە هەمو ئاستەکانی تەمەنی مرۆڤدا بەدوای بەرنامە و ڕێبازەکەی کەوتن. ئەمەش بەهۆی ئەو سیاسەتە ڕێک و دروستەوەبوو کە کۆمەڵگای کوردی وەک پێویستییەکی بنەڕەتی پێویستی بوو.

نەوشیروان مستەفا، لە دوای کۆچکردنی لە ڕێکخەری گشتیی حیزبێکی دیاریکراوەوە بوبە سومبل و نەمامی هیوا و شکێنەری بت و بەخشینی هێزی گۆڕانکاریی و چاکسازیی نەتەوەک، ئەوەی لێرەدا جێگەی تێڕامان و لەسەر وەستانە، ئەوەیە کە شوێنکەوتوانی بیری نەوشیروان مستەفا، دابەشبوون بەسەر دوبەشی سەرەکیدا:

یەکەم: ئەو شوێنکەوتوانە دەگرێتەوە کە هەر لە بنەڕەتدا بڕوایان بە خود و بەرنامە و پرۆگرام و ئەجێندای کاری حیزبیی نەوشیروان مستەفا هەبوە. هەر بۆیە بە بڕوایەکی بەهێز و بە ئیرادەیەکی گەش و ڕوناکەوە هەوڵیانداوە چاکسازیی ڕیشەیی بێننە بەرهەم، بۆ کۆمەڵان و خەڵکی بەشخوراوی کوردستان. ئەم شوێنکەوتوانە بەبێ گوێدانە بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان و لەهەمان کاتدا مەترسیی دروستکردن بۆ سەر ژیانی خۆیان و خێزان و خزم کەس و کاریان، ئەمەش بەتەواوەتی لەو بەڵێن و متمانەیەوە سەرچاوەی گرتبوو کە بە ڕەوانشادیان دابوو، کە تا دواهەناسەی ژیانیان کار بۆ سەرخستنی بیر و بەرنامەی سیاسی ئەو حیزبە بکەن لەپێناو خزمەتکردنی خەڵکی کوردستاندا دامەزراوە.

دووەم: بەتەواوەتی پێچەوانەی دەستەی یەکەمە کە ئەو شوێنکەوتوانە دەگرێتەوە، بە هەلپەرست و خۆساچێن و بەرژەوەندیخواز ناویان دەرکردووە. هەڵبەتە ئەمانیش خۆیان بە شوێنکەوتەی بیری نەوشیروان مستەفا دەزانن و کاریان بۆ سەرخستنی ئەو ڕێگایە کردوە کە ڕەوانشاد بڕوای پێی هەبووە، بەڵام لەبنەڕەتدا هەمو ئەو کارانەیان بۆ مەرامی سیاسیی و تایبەتیی خۆیان کردوە، نەک بۆ سەرخستن و خزمەتکردنی بەرنامە و بیری سیاسیی نەوشیروان مستەفا، ئەمەش بەبەڵگەی ئەوەی کە ماوەیەکی کەم لەدوای وەفاتی نەوشیروان مسەتەفا، بە ئاشکرا هەست بەو هەڵوێست گۆڕینە دەکرێت کە لەلایەن هەندێ ئەندام و شوێنکەوتەی نەوشیروان مستەفاوە ڕویداوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەوانە تەنها بۆ مەرامی تایبەتیی و خۆ گەورەکردن و تەقوێکردنی کەسایەتیی خۆیان، ناو و خودی نەوشیروان مستەفایان بەکارهێناوە.بەبڕوای من ئەم جۆرەیان زۆرترە لە جۆری یەکەم. بە واتایەکی تر، هەلپەرستان و خۆساچێن و ئەوانەی کار بۆ خۆپێگەیاندنی خودی خۆیان دەکەن ژمارەیان زۆر زیاترە، لەوانەی کە بە ڕاستیی و بەشێوەیەکی پاک بەبێ مەرامی سیاسیی و بەرژەوەندی تایبەتی شوێنکەوتەی بیری ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفان.

هەر بۆیە لاتان سەیرنەبێت، ئەوانەی کە بە ناپاکی خەریکی کاری سیاسیی و بەدیهێنانی مەرامە تایبەتیی و بەرژەوەندییە مادییەکانی خۆیانن، هەوڵدەدەن لەڕێگەی شیعار و دروشمی بێماناوە ئەو جیاوازییە لە نێوان خۆیان و ئەو کەسانەدا کە شوێنکەوتەی ڕاستیی بیری نەوشیروان مستەفان کاڵبکەنەوە و هەستیان پێنەکرێت.



## له یادچووی

تۆ لێرەنیت و له یادچووی
دەبینی چۆن ڕێوی گێرە دەکەن لەجێی شێر
تۆ لێرەنیت و سیاسەت بوێریی لەدەستداوە
هاوڕێکانت ناتوانن بە دەسەڵات بڵێن ستۆپ.
تۆ لێرە نیت تا هەمووان گوێت بۆ بگرن
ئاخر قائید ئەو کەسەیە هەمووان گوێی بۆ بگرن
کاتێ تۆ دەمت دەکردەوە، دۆست و نەیار گوێیان بۆ دەگرتی
بەشێک لە ترسان و بەشێک لە پەرۆشییان.
تۆ لێرەنیت و ببینی پەرلەمان بۆتە مەقەڕ
خۆ تۆ گوتت سەردەمی پەرلەمانی گووزەشت.
پەرلەمانم بۆچییە گەر گەلەکەی برسیی بێت
بینایەکە بۆ شەرعییەتدان بە نادادی.
بۆ ئەوەی حەقیقەتێک ناشیرین بکەی بەخراپی بەرگری لێبکە
بەها نیشتیمانییەکان بە دەست دەسەڵاتەوە بۆگەن بوون
ببینە چۆن لە نیشتیمان ڕادەکەن.
وەک چەرچڵ گوتی بۆ داگیرکردنی کۆمەڵگەیەک هەستی
نیشتیمانیان لە ناوبەرە.
لەیادچووی
ئەگینا هەمووان نەدەبوونە مێگەل
هەموان لە یاخیی بوون نەدەکەوتن
هەمووان بێدەنگ نەدەبوون
هەموان نەدەچوونە پەرستگاکەی دەسەڵات.
مرۆڤ دەمرێت، بەڵام فیکرەکانی نامرن
دەکرێت ڕۆژێ فیکرەکانی تۆ تەزوویەکی باشبن
بۆ دەرچوون لە مێگەل و پەرستگای دەسەڵات.

ئارام قادر حەمەسور

## تەنز



### چ باسە؟

نووسینی/ سەلام کامەران

_ ئەرێ چ باسە لەناو خەڵک؟

+ وەڵا چ باسە بە یەکێتی و پارتی ناوێرین جنێو بە گۆران ئەدەین.

_ ئەوە گۆڕانیش تەسلیمی پارتی بوو!

+ مردووت مرێ بۆ ئەو درۆیە چییوو کردت، وایە هەڵوێست وەرەگرم بۆ لە هەولێر نامکەن بە بریکاری وەزیر.

_ لێدەن لە حەوشی گەورە یاپراخەو دوگی چەورە، کام حەوشە سەری ڕەش و دەباشان؟

+ دەمت بگرە نەگبەت جا بۆ من ئەوێرم لەسەر حەوشەی گوڵخانەش قسە بکەم تا ئەو شوێنانە.

## مەکۆکانی گۆڕان و سەرنجێک؟

### کاروان عزیز

ئاشکرایە لە هەرێمی کوردستان زۆربەی هەر زۆری حیزبەکان بارەگایان هەیە ، بەڵام ڕێژەی بارەگای حیزبەکان و ڕێکخراوەکانی حیزبەکان جیاوازە بۆ نموونە پارتی و یەکێتی وەک دوو حیزبی دەسەلاتدار جگە لە بارەگا حیزبیەکانیان چەندین بارەگای تریان هەیە لە ژێر ناوی ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە کانی ژنان و ڕێکخراوەکانی تری گەنجان و چەندانی تر، کە بارگرانیەکی زۆریان خستۆتە سەر دارایی کوردستان و سودێکی ئەو تۆشیان نیە بۆ کۆمەڵگا.

بزووتنەوەی گۆرانیش وەک حیزبەکانی تر بارەگای هەیە، بەڵام بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕانە تەنها مەکۆکان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان کە بەراورد بە حیزبەکانی تر کەمترین بارەگای هەیە و کەمترین مەسرەفیان هەیە و لە ئێستاشدا نەسیرەکانیشیان کە بڕێکی ڕەمزی بوو ڕاگیراوە بەڵام جیاواز لە بارەگای حیزبەکانی تر، ئەم مەکۆیانە پڕن لە سەرچاوەی مرۆیی کە دەتوانن خزمەتی گەورە بزووتنەوەکە بکەن، بەڵام لە دۆخێکی چەق بەستوودان لە ئێستادا کە بزووتنەوەکە پێویستە هەوڵبدات چالاکتریان بکات و بەرپرسانی گۆڕان لە گردی زەرگەتە بێنە خوارەوە بەردەوام سەردانیان بکەن، بە ڕاوێژ لە گەڵ لیپرسراوی مەکۆکان هەوڵبدەن کەسانی چالاک و پڕ وزەی بزووتنەوەکە دەستنیشان بکەن کار و بەرپرسیارێکی بخەنە ئەستۆ بە پێی پسپۆری و بڕوانامە ئەکادیمەکەی لەگەڵ سیاسیەتی ڕۆژدا بتوانن قسە و هەڵوێست و پێشنیاریان هەبێت بۆ ئێستا و بۆ ئایندەی بزووتنەوەکە.

ناکرێت ئەم بزووتنەوەیە سەرکردەکانی هەر لە گردی زەرگەتە دانیشن و مەکۆکانی گۆڕانیش ببێت بە شوێنی چا و قاوەخواردنەوە خۆ خەریک کردن بە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیەوە و ژیانکردن لەسەر قسە و پەیامەکانی ڕەوانشاد کاک نەوشیروان و تێروانیەکانی بۆ دەوڵەتداری دروستکردنی دەوڵەتی دامەزاوەی بەڵکو پێویستە کۆبوونەوەی بەردەوامیان پێ بکرێت بۆ ئەوەی ئەو تێروانین و بۆچون وبەرنامەی کارەی گۆڕان و ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا دایناوە بدرێت بە گوێی ئەوانەی گۆران نین، لەبەرامبەردا بۆ ناوخۆی بزووتنەوەکە بەرنامە و بیرۆکەی نوێ و رەخنەی بەجێ و بەرزکردنەوەی پێشنیار بۆ خانەی راپەراندن بنێردرێت.



## سوکرات ونەوشیروان مستەفا لە دوو کۆمەڵگا وسەردەمی جیاوازدا

دیاری حاجی عومەر

سوکراتی گەورە فەیلەسوفی یۆنانی لەلایەن کۆمەڵگاکەیەوە سزادرا خەڵکانی وەک سوکرات هەردەبێ سزابدرێن ئەو ژەهرخوارد کرا یەو لەناو جێگەدا ڕاکشابوو و یەو پیاوەی دیاریکرا بووسوکرات ژەهرخواردبکات ژەهرخواردنەکەی دواخست ، سوکرات پرسیاری لەپیاوەکە کرد (کات تێدەپەڕێت خۆر یاوادەبێ دواخستن بۆ چی؟) ، پیاوەکە بڕوای نەکرد کەسێک کەخەریکە دەمرێ ئەوەندە ووردبێت لەبارەی کاتی گونجاوی مردنی خۆی ، لەڕاستیدا دەبێ ئەوسوپاس گوزاربێ بۆ دواخستنەکە پیاوەکە سەرسام بووبە سوکرات چونکە لەدادگا گوێبیستی ببوو وجوانی سوکراتی بینی بوو ، یەوپیاوەی دیاریکرابوو بۆکوشتنی سوکرات ویستی کارەکە کەمێک دوابخات بۆیەوەی سوکرات کەمێک زیاتر بژێت ، بەڵام سوکرات ڕێگەی پێنەدا و وتی تەمەڵ مەبە ژەهرەکە بێنە بەڵام پیاوەکە وتی بوچی یەوەندە بەجۆش وخرۆشیت ؟ گەشانەوەیەک لە ڕووخسارتدا دەبینم ؟ سوراخکردنێک لەچاوەکانتدا بەدی دەکەم ؟ تێناگەیەت ؟ تۆ دەمریت ؟

سوکرات ووتی لە ژیان تێگەیشتووم کە بەهەموو نیگەرانییەکان و یازارەکانەوە جوان بوو هەرخۆشی بوو تەنهاهەناسەدان لەژیاندا خۆشی دەبەخشێت من ژیام خۆشەویستیم کرد هەرچیەک وویستم کردم هەرچیەکم وویست ووتم ئێستا دەمەوێ تامی مردن بکەم هەرچی زووتر باشترە .

دەزانم مانای هەبوون چۆنە ساتی یەوە هاتووە بزانیت نەبوون چۆنە . کاتێکیش کەچیتر نیم کێشە چیە ؟ بۆچی دەبێ نیگەرانبم ؟ من نابم تاوەکو نیگەران بم ، کەواتە ئێستا بەفیرۆدانی کات بۆچی ؟ یەمە ئەو پیاوەیە کە خۆی خۆش دەوێت تەنانەت بەرپرسیاریەتی مردنیشی هەڵبژاردووە ، چونکە دادگا هیچی نیە لەدژی . یەوە تەنیا غروری خەڵک بوو کەنەیان توانی لە زیرەکیەکەی سوکرات تێبگەن ، بەڵام یەوان زۆرینەبوون وهەموویان بڕیاری مەرگی سوکراتیان دابوو .ئەوان نەیانتوانی وەڵامی تاکە پرسیارێکی یەو بدەنەوە ، پێم وایە تەنانەت نەیانتوانیووە لەوەش تێبگەن کە دەیڵێت ؟ئەوانیش هەمووپرسیارەکانیان لەناوبرد ، کەچی شارێکی دیموکراسیش بوو ، خەڵکی بڕیاریاندا ئەم مرۆڤە مەترسیدارە دەبێ ژەهرخوارد بکرێت هەڵەی چی بوو ؟ هەڵەکەی ئەوە بوو کە گەنجەکانمان یاخی دەکات ؟ گەنجەکانمان دوچاری گومان دەکات ؟ ئەوکەلێنێک دروست دەکات لەنێوان جیلی کۆن و جیلی نوێدا ،ئەوان چیتر گوێمان لێ ناگرن ؟ ئەوان مشتومڕ لەسەر هەموو شتێک دەکەن یەمەش بەهۆی سوکراتەوەیە. بەڵام دادوەرەکان کەمێک لەخەڵکی یاسایی باشتربوون .ئەوان بەسوکراتیان ووت ئێمە چەند پێشنیارێکت بۆ دەکەین لەبری مردنت لەوانە ئەگەر تۆ ئەسینا جێبێڵێت وبەڵێن بدەیت قەت ناگەڕێیتەوە ؟ یان یەگەر دەتەوێ لە ئەسینا بمێنیتەوە ، ئەوا چیتر قسە مەکە بچۆرە ناو بێدەنگییەوە ؟ ئەگینا سییەم ئەڵتەرناتیف ئەمەیە دەبێ سبەینێ لەکاتی خۆریاوابووندا ژەهربخۆیتەوە ؟

سوکرات چی کرد؟ وتی ئامادەم سبەینێ یان یەمڕۆ ژەهربخۆمەوە یان هەرکاتێک ژەهرەکە ئامادەبوو ، بەڵام ناتوانم لەووتنی ڕاستی بوەستم ؟ یەگەر زیندووبم بەردەوام دەبم لەووتنی ڕاستی تادوایین هەناسەم ، ناشتوانم تەنیا بۆ ڕزگارکردنی خۆم یەسینا جێبێڵم . چونکە یەو کاتە هەمیشە هەست دەکەم ئەولاوازەم کەلەمردن ترسام کە لە مەرگ ڕامکرد ؟ کەنەیتوانی بەرپرسیاریەتی مردنیش بخاتە ئەستۆ من بە پێی بیرکردنەوە هەستکردن و بوونی خۆم ژیام ، دەمەوێ بەوشێوەیەش بمرم.

پاشماوەی وتار لا7

هەست بەگوناهیش ناکەم کەس بەرپرس نیە لە مردنم من بەرپرسم ، دەمزانی ئەمە ڕوودەدات ، چونکە قسەکردن لەبارەی ڕاستی لەکۆمەڵگایەکدا کەلەسەر درۆکان ، فریوودانەکان ، وەهمەکان دەژێت ،داواکردنی مردنە . سەرکۆنەی یەو خەڵکە هەژارەمەکەن کەبڕیاری مردنی منیان داوە ؟ یەگەر کەسێک بەرپرس بێت ئەوە منم ، دەشمەوێ هەمووتان بزانن کە من لە بەرپرسیاریەتی خۆم ژیاوم ولەسەر بەرپرسیارییەتی خۆشم ئەمرم . ( دەژیم ، تاکەکەس بووم ، دەمرم تاکە کەسم کەس بریار بۆ من نادات من بریار دەری خۆمم ).

قسەیەک هەیە کەدەڵێن پێش یادەمیش مرۆڤی ترهەبووە ، بەڵام یادەم یەکەم مرۆڤ بوو ووتی نا ، بۆیە لەخۆش بەختی کرایەدەرەوە.کاک نەوشیروان مستەفا ئەومرۆڤە بوو کە پەروەردگار بەخشی بەکۆمەڵگای کوردی ، وەک چۆن سوکرات خوابەخشی بەکۆمەڵگای یۆنانیەکان . بەڕێز کاک نەوشیروان ئەو مرۆڤەمەزنە بیرتیژە داناوزانایە بوو کەلێکدانەوە و خوێندنەوەی ووردی هەبوو بۆ کایە سیاسی ویابوری وکۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

ئەو لەخۆشترین ژیانی تاکەکەسی بوو ، بەتایبەت دوای یەوەی بۆ خوێندنی ماستەرودکتۆرا گەشتە ڤیەننا، بەڵام هەست کردن بەتاڵی وناسۆری ژیانی مییللەتەکەی لەکەناری دانوبەوە بۆخری ناوزەنگ گەڕاییەوە و لەگەڵ هاوڕێ وهاوکارەکانی شۆڕشی نوێ یان هەڵگیرساند ، لەدوای ڕاپەڕینش هەرلەسەرەتاوە بە وتەی زۆربەی هاوڕێکانی نەوشیروان مستەفا بیرۆکەی یۆپۆزسیۆن بوون وچاکسازی ودادی کۆمەڵایەتی وشەفافیەتی لەحوکمڕانیدا هەبووە.

ئەگەر بڕوانیتە کتێب وبابەت ونووسین وچاوپێکەوتنەکانی تێدەگەیت کەیەم زاتە چ غەمێکی هەبووە ، ئەو وەک چۆن لەخۆشترین ژیانی یەوروپا لەبەرزترین ئاستی خوێندن دەستی هەڵگرتوو هاتەوە بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش کەلەوسەردەمەدا مەحاڵ بوو ، ئاواش دوای ڕاپەڕین چەندینجار زوویرونیگەران بوو لەو هاوڕێیانەی کەچەندینجار ئاگاداریکردنەوە ؟ یەوان بۆچی خەباتیان کرد ؟ بۆچی شۆڕشییان هەڵگیرسان ؟ بۆچی ڕاپەڕیینیان کرد ؟بۆ ڕزگاری وسەربەخۆی بوو بۆ چەسپاندنی دادی کۆمەڵایەتی بۆ جیاکردنەوەی حیزب لە حکوومەت بۆ سەروەری یاسا؟ و بۆ ؟ و بۆ ؟ و بۆ......

ئاخر یەم مرۆڤە مەزنە دەیزانی کەوتۆتە ناو چ دونیایەکی سەیر بۆیە لەبەرزترین ئاستی بەرپرسیاریەتی ؟ دووبارە ( نا )ی بەرامبەر بەدەسەڵاتی کوردی بەرزکردەوە و دژی گەندەڵی ونادادی کۆمەڵایەتی بە شۆڕشێکی سپی و ڕێگایەکی مەدەنی شۆڕشی بەرپاکردەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا . سوکرات یاسا هاتەوە مەیدان ، بەڵام ئەمجارە لێدوانی دەدا لەسەر هەموو پنتەکانی کۆمەڵگا بە پرۆژەیەکی نوێ ی ڕیفۆرمخوازی هاتەوە مەیدان . کە یەم پرۆژە (ئابوری وسیاسی وکۆمەڵایەتی ونیشتیمانییە) پرۆژەیەکی ئەمەنە ووردبوو بوارێک نەما کۆمەڵگای لێ یاگادارنەکاتەوە بەرامبەر بە مافەکانیان . بەڵام وەک چۆن سوکرات کۆمەڵگاکەی سزایدا بەهەمان شێوە ئەویش سزا درا لەلایەن کۆمەڵگاکەییەوە . ئاخر هەمووان دەزانین هەموو دامەزراوەکانی یەم وولاتە کەوتونەتە ژێر پرسیار ؟؟ بەهەمان شێوەش هەڵبژاردنی (٢٥/٧/٢٠٠٩) سەدان پرسیاری هێنایە ئاراوە ؟ ئایا یەم (٢٥ بیست وپێنج ) کورسییەپەرلەمانی کوردستان دەنگی حەقیقی ئەو بوو یان زیاتر ؟ یەم کۆمەڵگایە دەیزانی یەم مرۆڤە مەزنە ڕاستگۆ و ڕاستە بەڵام دواجار سوکرات یاسا درا بەدادگا ، کاربەدەستانی یەم وولاتە یەیانزانی یەم مرۆڤە مەترسیدارە کە ووشەی ( نا ) بەرامبەریان بەکاردەهێنێ و بۆتە هۆی مەترسی لەسەر کورسی وبەرژەوەندییەکانیان ، بۆیە پێویستە دادگایی بکرێت؟ چونکە هەڵەی هەبووە هەمان هەڵەی سوکرات بوو ، ئەوەیە گەنجەکان یاخی دەکات ؟ گومان لای گەنجەکان وکۆمەلگا لەسەرحوکمڕانی دروست دەکات ؟ ئەو پردێکی گەورەی دروستکرد لەنێوان جیلی کۆن و نوێ دا . بۆیە یەم مرۆڤە مەزنە بەجەستەیەکی شەکەت وماندوو تووشی نەخۆشیەکی کوشندە دەبێت و پزیشکەکان داوای لێ دەکەن کە چارەسەر بەکاربهێنێ بەڵام سوکرات یاسا کات وشوێنی مردنی دیاری دەکات.لەکۆتایدا جێی خۆیەتی بپرسین ؟ ئایا بیرودنیابینی نەوشیروان مستەفا بۆ دیموکراسی ودادپەروەری وشفافیەت لای هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان بوە بە تێڕوانینی گشتی بۆ حوکمڕانی یان تەنها لای شوێن کەوتوانی چەسپاوە ؟.

ئاگاداری سەرجەم نووسەران و ڕۆشنبیران و هەڵسوراوانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین ، دەتوانن بەم ناونیشانەی خوارەوە نووسین و بابەتەکانیان بنیرن بۆ ڕۆژنامەی (بەرەو ڕووناکی ) کە ڕۆژنامەکە گرنگی بەو نووسین وتارانە دەدات کە تایبەتن بە بزووتنەوەی گۆڕان و پشتگیری کردنی بزووتنەوەکە، لە دوای خوێندنەوەی بابەتەکان گەر گونجاو بوو لەگەڵ هێڵە گشتیەکانی کارکردنی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی (بەرەو ڕووناکی ) بڵاودەکرێتەوە.

مەرج نیە هەموو نووسینێک بلاوبکرێتەوە، لە ژمارەی ئایندەوە هەوڵدەدەین ئەو نووسینانە بڵاوبکەینەوە کە نووسەران دەینێرن و لە هیچ شوێنێک بڵاونەکراوەتەوە.

ئەم ڕۆژنامەیە هەفتانەیە و تەنها لە تۆری ئینتەرنێت بلاودەکرێتەوە.

بابەتەکان بنێرن بۆ ئەم ناونیشانە : bargrinamasalam@gmail.com

تێبینی/ ژمارەی ئایندەی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بەرەو ڕووناکی بەهۆی پشوەکانی جەژنی ڕەمەزانەوە بڵاونابێتەوە.

سەرنووسەر

سالم محەمەد

